وتەبژی سەرکایەتی ئێران: تا ئێستا هیچ شتێکی نوێمان دەستنەکەوتووە

عەلی بەهادوزی، وتەبژی سەرکایەتی ئێران لەبارەی وەبووی هەلیکۆپتەری سەرکی ئێران ڕایگەیاند، "لەبارەی شوێنی ڕووداوەکەو دەخی سەرک کەمار، تا ئێستا هیچ شتێکی نوێمان دەستنەکەوتووە، نزاکردن تاکە ڕێگەیە".

وتیشی، "لەدەخێکی ئاڵوزو قورسداین، مافی خەڵکی ئێران و ڕاگەیاندنەکانە هەموو شتێک لەبارەی هەلیکۆپتەرەکەی ئیبراهیم رەئیسی، سەرەک کەمارەوە بزانن".

ئەمڕۆ یەکشەممە (19ـی ئایاری 2024)، لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتی ئێران، ئیبراهیم ڕەئیسی سەرەک کەماری ئێرانو ئیلهام عەلیف، سەرکی ئازەربایجان بەنداوی "قیزکالە سی"یان کردەوە کە لەنێوان هەردوو وڵاتدا بەهاوبەشی دروستکراوە، پاش ڕووسمەکەو لەکاتی گەڕانەوەی بە تاران، هەلیکۆپتەرەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی توشی ڕووداوێک دەبێت و تا ئێستا چارەنووسی سەرەک کەماری ئێران و حسێن ئەمیر عەبدوڵاهیان، وەزیری دەرەوەی ئێران بەنادیاری ماوەتەوە.